# ئاسانکاری ولێبووردەیی ئاینی ئیسلام

له‌ عائیشه‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌ڵێت: «پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ئه‌گه‌ر بژارده‌ی پێبدرایه‌ له‌ نێوان دوو شتدا ئه‌وا ئاسانتریانی هه‌ڵده‌بژارد، ئه‌گه‌ر تاوان نه‌بوایه‌، ئه‌گه‌ر تاوان بوایه‌؛ ئه‌وا دوورترین كه‌س بوو له‌ ئه‌نجامدانی، وهه‌رگیز پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- بۆ نه‌فسی خۆی تۆڵه‌ی نه‌ده‌سه‌نده‌وه‌، مه‌گه‌ر حه‌رامكراوێک ئه‌نجامبدرایه‌ له‌ سنووری حه‌رامكراوه‌كانی خوای گه‌وره‌، بۆیه‌ له‌ پێناو خوای گه‌وره‌ تۆڵه‌ی ده‌سه‌نده‌وه‌».

[صه‌حیحه‌] [بوخاری و موسلیم هاوڕان له‌سه‌ری]

ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ یه‌كێک له‌ سیفه‌ته‌كانی پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- باسده‌كات كه‌ پێویسته‌ هه‌موو مسوڵمانێک به‌و شێوه‌یه‌ بێت، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ ئه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- بژارده‌ی پێی بدرایه‌ له‌ نێوان دوو شتدا ئه‌وا ئاسانه‌كه‌یانی هه‌ڵده‌بژارد ئه‌گه‌ر ئه‌م ئاسانترینه‌ گوناهـ وتاوان نه‌بوایه‌، وهه‌رگیز توڕه‌ نه‌ده‌بوو به‌هۆی نه‌فسی خۆیه‌وه‌، به‌ڵكو ته‌نها له‌ پێناو خوای گه‌وره‌ توڕه‌ ده‌بوو ئه‌گه‌ر حه‌رامكراوێک له‌ پێش چاوی ئه‌نجام بدرایه‌.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6389